# خۆ- هەڵسەنگاندن لای بەڕێوەبەری قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەکان ( لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی لە سەر  قوتابخانەکانی قەزای زاخۆ)

د. نصرالدین ابراهیم محمد و م. هـ. یێوار طه شۆکری و م. هـ کاروان عەلی عەلی

[1]زانینگەهی زاخۆ, فاکۆلتیا پەروەردە, بەشی دەروونناسی, دهوك, هەرێمی کوردستان, عیراق و [2]زانینگەهی زاخۆ, فاکۆلتیا کارگێری و ئابووری, بەشی بازرگانی, دهوك, هەرێمی کوردستان, عیراق

## کوورتی

ئارمانجا ڤەکۆلینێ دیارکرنا خۆ- هەڵسەنگاندن لنك ڕێڤەبەرێن قوتابخانەیێن ئامادەیی و بنەڕەتی ل قەزا زاخۆ، و زانینا ئاستێ جیاوازی دناڤبەرا وان دا و لدویڤ گۆڕاوێن (ڕەگەز، باوەرنامە، جۆرێ قوتابخانێ، بارێ کۆمەلایەتی، بارێ ئابووریی ،سالێن خزمەتێ ) لسالا خواندنا ( ٢٠١٥/٢٠١٦). سەمپلێ ڤەکۆلینێ پێکدهێتن ژ ( ٨٠ ) ڕێڤەبەرێن قوتابخانەیێن ئامادەیی و بنەڕەتی ل قەزا زاخۆ کۆ بشێوەیەکێ ڕەندۆم هاتینە هەلبژارتن. و بۆ ڤێ مەبەستێ ڤەکۆلەران پیڤەرەك ئامادەکر کە پێکدهات ژ ( ٥٧ ) برگا و پشتی دەرئینانا ساخلەتێن وێ یێن سایکۆمێتریك و بکارئینانا فۆرموولێن ئاماری، گەهشتە ڤان ئەنجامێن خوارێ: لاوازییەکا بەرچاڤ د ئاستێ خۆ هەلسەنگاندنا وان ڕێڤەبەران دا هاتیە دیتن، و هەروەسا ئاستەکێ ب ڕامانێ جیاوازیێ دناڤبەرا قوتابیان نەهاتە دیتن  لدویڤ گۆڕاوێن ڤەکۆلینێ، و لسەر بنەمایێ ڤان ئەنجامان ڤەکۆلەری هندەك پێشنیار و ڕاسپاردە پێشکەشکرن.

**الكلمات الداله:** علم النفس, التنميه الاقتصاديه, للتنميه المستدامه, الاستغلال رأس المال الطبيعي, البيئه والفقر.

**بەشی یەکەم :**

**کێشەی لێکۆڵینەوە:**

پسپۆڕانی دەروونناسی ئاماژە بەوە دەدەن کە لە پرۆسەی ئالۆزی هەڵسەنگاندندا هەندێ جار هەڵسەنگێنەر تووشی هەڵەی لە جۆری لایەنگیری دەبێ لەبەر ئەوەی کە کەسی بەرامبەر هاوشێوەی خۆی بیردەکاتن یان لەبەر ئەوەی کە بۆ ئەم کارەی تەنها پشتی بە کۆمەڵێك زانیاریی بەستووە کە لە یەکەم چاوپێکەتن بەرچاوی دەکەون ( العبیدی و ولی، ٢٠٠٩، ٥١٢ )، هەروەها لێکۆڵینەوەکان پیشانیان داوە کە بەڕێوەبەرێکی لاواز کاریگەری خراب و نەرێنی دەکاتە سەر کارەکەی و یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە دەبێتە  مایەی ئەوەی مامۆستایان پیشەی  خۆیان بەجێ بهێڵن، و بەپێچەوانەوە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو و چالاك هاندەری مامۆستایان و قوتابیانە لە بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان( الصلیبی، ٢٠٠٧، ٧٤ )، ئەمە و لە لایەکیترەوە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵی قوتابیانی قۆناغی کۆتایی ئامادەییەکانی هەرێمی کوردستان ئاستێکی زۆر کەمیان پیشان داوە و بە ڕێژەی ( ٢٩،١٦% ) بۆ بەشی زانستی و نزیکەی ( ٢٠% ) بۆ بەشی وێژەییە (ئەڤرۆ، ٢٠١٥، ١٣؛ محەمەد، ٢٠١٥، ١٢)، وەك بەشێك لە فاکتەرەکە نەرێنییەکانی کاریگەر بەسەر پرۆسەی پەروەردەیی لە دەڤەرەکە، ئەوە دە ردەخەن کە ئەو ئاستەی خرابی پەروەردەیی خۆی لە خۆی دا ئاستێکی نزمە و پێویستی بە بەدواداچوون و دۆزینەوەی چارەسەری بە پەلە هەیە بۆ زانینی ئەگەر و ڕێگەکانی بەرزکردنی ئاستی دەرچوان و کەمکردنی گلەیی و گازندەی لایەنەکانی پەیوەندار بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، و لەسەرو هەمووشیانەوە دایکان و باوکان کە برێکی زۆر لە دەرامەتی خێزانەکانیان لەو قوتابیانە خەرج دەکەن. لە لایەکی ترەوە لە میانەی چاوپێکەوتنی توێژەران لەگەڵ زۆرێك لە دایك و باوکان و قوتابیان لە قوتابخانەکانی بنەڕەت و ئامادەیی و وەرگرتنی بیروڕایان دەردەکەوێ کە جۆرێکێ بۆشایی کارگێری پەروەردەیی لە قوتابخانەکانی دەڤەرکەدا هەست پێدەکرێتن، و هەروەها هەست بەوە دەکرێتن کە بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانە لەم بۆشاییەدا بێ بەش نین بەڵکۆ بارێکی گرانی ئەو چەندە

المجلة الاكاديمية لجامعة نوروز

المجلد ٦، العدد ١(٢٠١٧)

استلم البحث في ٢٠١٧/١/٢، قبل في ٢٠١٧/٣/١٢

ورقة بحث منتظمة نشرت في ٢٠١٧/٣/٢٨

البريد الالكتروني للباحث:nasraldeen.ibrahim@gmail.com

حقوق الطبع والنشر © ٢٠١٧ أسماء المؤلفين. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبية – CC BY-NC-ND 4.0

ئەكەوێتە ستۆیی ئەوانیش.

كێشەی توێژینەوەكەمان خۆی لەو چەندە دا دەبینێتن كە كەمتر توێژینەوە هەیە كە لە سەر ئاستی كوردستان ئەم لایەنەی لە خۆگرتبێ، بۆیەش دەتوانین زۆر ڕاشكاوانە كێشەكە لە تۆی پرسیارەكانی خوارەوەدا كۆرت بكەین:

١-ئایا خۆ- هەڵسەنگاندن لای بەڕێوەبەرەكانی قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەكانی قەزای زاخۆ لە كوردستان لە چ ئاستێكدایە؟

٢- لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەكانی كاری بەڕێوەبەرەكانی قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەكانی قەزای زاخۆ لە كوردستان كامانەن؟

٣- ئایا هیچ جۆرە جیاوازیەكی واتادار لە نێوان ئاستی خۆهەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرەكانی قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەكانی ل ناوەندی شاری زاخۆ بە پێی بگۆرەكانی: أ- رەگەز. ب -سالانی خزمەت. ج – جۆری بڕوانامە، دا هەیە یان نە؟

**گرنگی لێكۆلینەوە:**

قوتابخانە بە یەكێك لە گرنگترین دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكان دەژمێردرێتن كە بەشداری دەكات لە پەروەردەكردنی مرۆڤ و ئامادەكردنی بۆ ژیان و هاوكاریكردنی بۆ گەشەكردن لە هەموو لایەنەكەوە بە باشترین شێوە، و بۆ ئەم مەبەستەش و بۆ ئەوەی قوتابخانە بتوانێ بە ئەركی ڕاستەقینەی خۆی هەڵبستێ پێویستی ب هەبوونی توانایی مادی و مرۆیی هەیە تا بتوانێ ئەركی بەڕێوبردنی كۆمەڵێك كار لە ستۆ بگرێ و بۆ ئەوەش پێویستی بە بەڕێوەبەرێك هەیە تا هەڵبستێ بە كارەكانی ئامادەكاری مرۆیی و مادی و ڕێكخستن و ئاراستەكردنی ئەم دەزگایە و ئەو كەسانەی كاری تیایدا دەكەن (ربیع، ٢٠٠٨، ٤٧ ؛ محمد ، ٢٠٠٨ ، ٤٩).

پسپۆرانی پەروەردەیی لەو بڕوایدان كە پێویستە بەڕێوەبەر وەك پێشەوا و ڕێبەرێك پرۆسەی بڕیاردان لە چوارچێوەی پابەندی بە هزرێكی هۆشیارانە و ژیرانە ئەنجام بداتن و سوود لە هەموو توانا و ئەزموونەكان وەربگرێتن، چونكە ئەو كارە هۆكاری سەرەكی دەستنیشانكردن و گۆڕینی ئێستا و ئایندەی قوتابخانەیە ( الحریری، ٢٠٠٧، ٣٤٤ ). هەڵبەت كاری بەڕێوەبەرەكان تەنیا خۆی لە بواری كارگێڕی و لایەنەكانی ڕێكخستن و پلاندانان و ئاراستە و چاودێریكردن و هەڵسەنگاندندا نابینێتن، بەڵكۆ لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیدان بە لایەنەكانی هونەری و كۆمەڵایەتی و پەیوەندار بە قوتابیان و كارمەندانی قوتابخانە و پرۆگرامەكانی خوێندن و شێوازەكانی سەرپەرشتیكردن و هەموو جۆرەكانی هەڵسەنگاندن و ژینگەی قوتابخانە بە گشتی بەخۆیەوە دەگرێ بۆ مەبەستی باشتركردنی پرۆسەكانی فێركردن و پەروەردەیی لە قوتابخانەدا و بەرەوپێشبردنیان ( خالد، ٢٠٠٦، ١٣ ). چونكە وەك بسپۆرانی پەروەردەیی و كارگێڕی بۆی دەچن هەڵسەنگاندن نەك تەنها یەكێك لە بنەما سەرەكییەكانی كاری كارگێڕییە لە بواری پەروەردەییدا، بەڵكۆ گرنگیەكەی لە بواری پلاندانان، كە وەك شادەماری پرۆسێسی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سەردەم هەژماردەكرێت، كەمتر نیە ( العجمی، ٢٠٠٨، ٣٣٦ )، هەروەها بسپۆران لەو بڕوایەدان كە روونبوونی ئامانجەكان لای بەڕێوەبەر دەبێتە مایەی ئەوەی كە بتوانێ ڕێڕەوەی كاری قوتابخانەیی بە شێوازێك دروست ئاراستە بكات لە ڕێگەی بەكارهێنانی كەرەستەی زانستی و ئاراستەكردنی كارمەندانی قوتابخانە بەشێوازێكی تەكنیكی كە بتوانن بەهۆیەوە ئەو ئامانجانە بپێكن ( حامد، ١٩٨٢ : ٣٤ ).

توێژینەوەكانی نوێ ئەو ڕاستیە پیشاندەدەن كە كاتێك كەسانێك بەشدار دەبن لە هەڵسەنگاندنا ئەوان زیاتر هەست ب هەبوونی دادپەروەری لە ئەرك و كارەكانیاندا دەكەن، بۆیە هەڵسەنگاندنی خۆدی وەك سەرچاوەیەكی گرنگی زانیاری بۆ ئەم مەبەستە هەژمار دەكرێت( العبیدی و ولی، ٢٠٠٩، ٥١١ )، بەلكۆ ئەو راستیەیان بۆ دەردەكەوێ كە مەبەست لە خۆهەڵسەنگاندن شێوازێكە بۆ زیادتركردنی رەزامەندی پەروەردەكاران لە كاری خۆیان و هەستكردن بە ئارامی دەروونی سەبارەت بە خۆیان و ئەركەكانیان ( البدری، ٢٠٠٨، ٢٧٨ ). پەروەردەكارانی وەك پەسێر و سمیت لەو بڕوایەدان كە پرۆسەی خۆهەڵسەنگاندن ئەركێكی گرنگ لەستۆ دەگرێ و ئەویش پەیوەنداره بەوەی كە كاریگەری لەسەر خۆبەهێزكەری و سزادانەوە هەیە لە لای مرۆڤەكان، وەك فاكتەری دەروونی كاریگەر لەسەر بیروباوەرەكانمان ( Passer and Smith, 2007, 242 )، و پەسندكردنی خۆد لە لای مرۆڤ كاریگەری ئەرێنی دەكاتە سەر ئاستی خۆهەڵسەنگاندنی ( Graham , Hale and Parker, 2001, 55 )، واتا وەك نیر ( Nier,2007 ) بۆی دەچێ پەیوەندی هەیە لە نێوان پرۆسەی خۆهەڵسەنگاندنی مرۆڤ و دەروونڕوستی ئەو كەسە ( Nier, 2007, 132 ).

پسپۆرانی دەروونناسی لەو بڕوایەدان كە بۆ هەڵسەنگاندن دەبێ شێوازی جیاواز هەڵبژێردرێتن و لەوانەشە سود لە هەڵسەنگاندنی خۆد وەربگیرێتن بۆ زانینی ئاستی لێهاتوویی ( ابراهیم، ٢٠٠٤، ٤٣٧ ). چونكە دوو لایەنی سەرەكیی خۆد بریتینە لە خۆدهەڵسەنگاندن و ناسنامەكەی، و ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە دەروونناسان لە

کاتی باسکردن لە خۆی وشەی " من " بەکار دێنن ( Santrock, 2001, 103 )، واتە خۆهەڵسەنگاندن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناسنامەی کەسەکەوە هەیە.

پسپۆڕانی پەروەردەیی و کارگێڕی وای بۆ دەچن کە بەشێك لە پرۆسەی چاودێری رەفتارەکانی بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکان دەکرێ لە ڕێگەی هەڵسان بە ئەنجامدانی کاری هەڵسەنگاندنی خۆی لە نێوان ستافی قوتابخانە بەدەست بهێنن کە بەهۆیەوە تاکەکان خاڵە لاوازەکانی خۆیان دەدۆزنەوە و چەمکی خۆهەڵسەنگاندن لە لایان گەشە دەکاتن و ڕێنمایی و پەندەکان باشتر وەردەگرن ( نبهان، ٢٠٠٧، ١٧٦ )، و لە لایەکی تر دەبێتە هۆکاری گەشەی کەسایەتیان و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان پەروەردەکارن و و بەرزکردنی مۆرالیان و رۆحی مەعنەویان کە لە ئەنجامدا دووبارە سودەکەی بۆ خۆدی قوتابیان دەگەڕێتەوە ( الأسدی و إبراهيم، ٢٠٠٧، ٧٠ ). پێشەوایەتی قوتابخانە هاوکاری گەشەکردنی توانایی خۆهەڵسەنگاندن دەکات بە شێوازەکانی دابینکردنی دەرفەتی هەڵسوکەوتکردنێکی بابەتیانە لە بارەی کێشەکانی قوتابخانە و بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لە بارەی قوتابخانە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە وەك کۆسپ دەکەونە ڕێگەی بەڕێوەچوونی کاروباری قوتابخانە ( محمد ، ٢٠٠٨، ١٣٠ ). هەڵسەنگاندنی کاری بەڕێوەبەری قوتابخانەکانە کە ئاستی چالاکیی قوتابخانە لە هەلسوکەوت لەگەڵ کێشەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم قوتابخانە دیار دەکات، و لە سایەی ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە دەتوانرێتن بگوترێ ئەو قوتابخانەیە لە بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانی سەرکەوتوو بووە یان نە ( المؤمنی، ٢٠٠٨، ١٩٢ ). پسپۆڕانی پەروەردەیی لەو بڕوایەدان کە هەڵسەنگاندنی خۆدی سودێکی زۆری هەیە بەتایبەت کە دەبێتە ئەگەری پەیدابوونی ئاسوودەیی و ئاسایشی دەروونی لای پەروەردەکاران تا بتوانن لە خاڵە لاوازەکانی خۆیان تێبگەن و دواتر بە پێی بیروبۆچوونەکانی خۆی گۆڕانکاریان تیایدا بکات و جۆرێکی فیدبەك پێشکەشیان بکات تا کارەکانی خۆی ب ئەمانەتداری و بابەتیانە ئەنجام بداتن، و لە کارکردن هاندەریان بێ و لە کاتی پێویستدا پێداچوونی کەرەستە و شێوازەکانی خۆیان بکەن و بە پێی پێویست بگۆڕن و کەسایەتی خۆیان ئاوا بکاتن و ئەوەش ئاستی بڕوا بەخۆبوون و رۆشنبیری پەروەردەیی و پیشەیی لە لایان بەرزتر دەکاتن ( الحريری، ٢٠٠٨، ٢٢٤ ؛ الاسدی و إبراهيم، ٢٠٠٦، ٦٨ )، چونکە یەکێك لە فاکتەرە هەرە کاریگەرەکانی سەر خۆهەڵسەنگاندن بریتیە لە خۆد-پاڵدەرایەتی، بۆ کارێك و بەشداریکردن تیایدایە ( Pearce and Robinson, 2005, 71 )، واتە خۆهەڵسەنگاندن دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی فیدباك بۆ کارمەندان و پێدانی هێزی پاڵنەرایەتی ناوخۆیی بە ئەوان و دروستکردنی هەستی ڕەزامەندی لە کارکردن لە لایان و کارامەبوونیان لە کارکردندا ( Pierce and Newstorm, 2000, 254 )، و بسپۆرانی سایکۆلۆژیا و پەروەردەیی وەك بنیامین بلوم ( ١٩٧٧ ) داکۆکی لەسەر چەمکەکانی پەیوەست بە خود و لەوانەش خۆهەڵسەنگاندن و ئاستی ئەکادیی و نواندنیان دەکات ( غباری و أبو شعيرە، ٢٠٠٩ ، ٢٧١ )، چونکە وەك کارۆل روجێرزی دەروونناس بۆی دەچێ خود بەردی بناغەی ڕێکخستنی رەفتاری مرۆڤە و بە کاکڵەی کەسایەتیەکەی دەژمێردرێ (الداهری، ٢٠٠٨ ، ٣٥٥ ). بە تێگەیشتنی مرۆڤ لە تواناکانی خۆی دەتوانێ لە شێوازی هەلسوکەتی خۆی لەگەڵ خەڵکانی تر و چۆنیەتی وەڵامدانەوەکانی خۆ لەگەڵیان و بە شێوازێکی هەستەوەر لە ئاراستە و هەڵچوون و مەبەستەکانی خۆی تێبگاتن ( الخولی، ٢٠٠٧، ١٤ )، بە تایبەت ئەگەر هەڵسەنگاندنی خۆدی لەسەر بنەماکانی بابەتیانەبوون و دوور لە خۆپەرێستی و دەرمارگیری ئەنجام بدرێتن دەبێتە باشترین ڕێگە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی خۆی ( عدس، ٢٠٠٠، ٢٣٨ ).

سەرچاوەکانی تایبەت بە وێژە و ئەدەبیاتی کارگێڕی ئاماژە بەو ڕاستیە دەدەن کە بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو و کاریزما ئەو کەسەیە کە بتوانێت ئاستی کۆشش و کاری ژێردەستەکانی خۆ لەڕێگەی ئەرێنی کردنی خۆهەڵسەنگاندن و خۆبەکەڵك زانین ( , ٢٠٠٤ ٦١٦ Kreitner and Kinicki,)، و هەروەها ئاستی نواندن و بەرهەمهێنان و هەڵسەنگاندنیان بەرزتر بکات (Ivancevich, 2004, 263 ).

خۆهەڵسەنگاندن وەك بە یەکێك لە جۆرە هەرەڕاستەقینەکانی هەڵسەنگاندن، و لە هەمان کاتدا دەرفەتێکە بۆ بەڕێوەبەر تا بابەتیانە و ئازادانەتر بەدواداچونی ئەرکە پەروەردەییەکانی خۆی بکات و لە لایەنە لاواز و بەهێزییەکانی خۆی تێبگاتن و لاوازیەکان چاکسازی بکات و لایەنە باشەکان بەهێزتر بکات و لەگەڵ ئەوەشدا هانی مامۆستایان بداتن تا خۆیان هەڵبسەنگێنن (عگوی، ٢٠٠٩، ٢٩٨ )، چونکە خود وەك جۆری تێگەیشتن و بەهایە هەستەوەریەکان لە بارەی خۆدی مرۆڤ کاریگەرە لەسەر ئاستی خۆگونجاندنی، و ئەو کەسانەی کە تێگەیشتنێکی ئەرێنی تریان لەبارەی خۆیانیان هەبێ باشتر دەتوانن خۆیان لەگەڵ دەوروبەر بگونجێنن ( حمد، ٢٠١٢، ٤٦١ ).

دوابەدوای ئەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا، دەبێ بگوترێ کە گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەو خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێ:

١ــ هاوشێوەی ئەم جۆرە توێژینەوەیە بەگشتی لە کوردستان و بەتایبەتی لە دەڤەری زاخۆ نەکراوە.

٢-بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانی ناوچەکەمان تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە بەڕێوەبەرەکان دەبەستێ، بۆیە ئاستی زانینی خاڵە لاوازی و بەهێزی و توانایییەکانی خۆیان لە لایەن بەڕێوەبەرەکان گرنگە بۆ خۆ ناسینەوە وەك قۆناغێکی گرنگی کارکردن و سەرکەوتن لەو ئەرکەدا.

٣-زانینی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەك فیدباکێك هاوکارێکی باش دەبێ بۆ مامۆستایان تا ئەوانیش زیاتر لە سروشت و کەسایەتی و کاری بەڕێوەبەرەکان تێبگەن و بە پێی پێویست هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکانی کارەکەیان.

**ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە:**

ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە ئەوانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

١- دەستنیشانکردنی ئاستی خۆهەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەری قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەکان ل ناوەندی شاری زاخۆ بە تێکڕایی.

٢- دیارکرنێ ئاستی جیاوازی نێوان ئاستی خۆهەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەری قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەکان ل ناوەندی شاری زاخۆ بە پێی گۆڕاوەکانی: أ- ڕەگەز. ب – بڕوانامەی ئەکادیمی خوێندن( بەکالۆریوس، دبلۆم). ج – جۆری قوتابخانە( ئامادەیی یان بنەڕەت). د. باری کۆمەڵایەتی( خێزاندار، زگورتی، جیابووە). ن. باری ئابووری ( زۆر باش ، باش، ناوەند). و- سالانی خزمەت(گرووپی ١-١٠ ساڵ، گرووپی ١١-٢٠ ساڵ، گرووپی ٢١ - و زیاتر).

٣- دەستنیشانکردنی هەر یەکە لە:أ- ڕیزبەندی بۆارەکانی ( ڕابەرایەتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پلاندانان، چالاکییەکانی قوتابخانەیی، کەرەستە و تەکنەلۆژیای پەروەردەیی و فێرکردن، ڕێکخستن و کارگێڕی، و هەڵسەنگاندن ) لە نێو ڕاپرسیەکە دا، و ب - پەیوەندی نێوان هەر یەکە لە بۆارەکان و پێوەر بە گشتی.

٤- دەستنیشانکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کاری بەڕێوەبەری قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەکان ل ناوەندی شاری زاخۆ بە گشتی.

**سنووری لێکۆڵینەوە:**

لێکۆڵینەوە گشت بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەکان بەخۆیەوە دەگرێ کە دەکەونە نێو سنووری ناوەندی شاری زاخۆ لە کوردستان ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٥/٢٠١٦ ).

**دەستنیشانکردن و پێناسەی چەمك و زاراوە سەرەکییەکانی لێکۆلینەوە:**

**أ-خۆ هەڵسەنگاندن(self-evaluation):**

- بە پێی کریسکۆ هەڵسەنگاندن بریتیە لە بەهایە تایبەتەکانی مرۆڤ لە ڕووی شایستەبوون یان کەموکۆڕییەکان (Крысько, 2001, 360).

- بە پێی مایرز هەڵسەنگاندن بریتیە لە هەستی گشتی تاکە لە ڕوی خۆهەڵسەنگاندن یان خۆ نرخاندن (Myers, 2005, 62 ).

- بە پێی کۆلمان هەڵسەنگاندن بریتیە لە ڕوانگە و ئاراستەی تاك بەرامبەر بە خۆی یان بیروڕا یان هەڵسەنگاندنی لە بارەی خۆی کە دەکرێ ئەرێنی ( باش یان بەرز ) بێ و دەکرێ بێ لایەن و یان نەرێنی ( خراپ و لاواز ) بێ ( Colman, 2009, 681).

و لە کۆتایی دا پێناسەی کرداری توێژەران بۆ خۆهەڵسەنگاندن بریتیە لە کۆمەڵێك قۆناغی کردەوەییە کە تاکەکانی نێو دامەزراوەیەك پێی هەڵدەستن بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندنی خۆیان بەپێی هەندێ پێوەری فەرمی و لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری باش لەسەر چۆنیەتی نواندنیان لە ئێستا دا و بەراوردکردنی ئەنجامەکان لەگەڵ پێوەرەکان.

**ب - بەڕێوەبەر ( principal ):**

- بە پێی حەریری و جەلال و ئیبراهیم پێناسەی بەرێەبەر بریتیە لە پێشەوای کارگێڕییە کە ئەرکەکانی وەك پلاندانا، ڕێکخستن، جێبەجێکردن، و هەلسەنگاندن ئەنجام دەداتن بۆ گەیشتن بە ئامانجە دەستنیشانکراوەکان (الحريرى و جلال و ابراهيم، ٢٠٠٧ ، ١٨٢).

- بە پێی محەمەد بەڕێوەبەر وەك ڕابەر و پێشەوای کۆمەڵێك مامۆستا و فەرمانبەر و قوتابییە کە سەر بە قوتابخانەیەکن و هەڵدەستێ بە کارەکانی وەك پلاندان، ڕێکخستن و هەماهەنگی و سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن و لە میانەی ئەم کارانە هەندێك بڕیار دەدات ( محمد ، ٢٠٠٨، ٤٩ ).

و لە بواری قوتابخانەدا بەڕێوەبەر پێناسە دەکرێت وەك بەرپرسیار لە باشتر بەڕێوەچونی کاری قوتابخانە و ڕێکخستنی بە پێی سیستەم و یاساکانی فەرمی و

ڕێنماییەکانی کە وەزارەتی پەروەردە یان کارگێڕی خۆجێیی بۆ قوتابخانە دایدەنێ و گەیاندنی ئەو سیستەم و یاسا و ڕێسایانەیە بە مامۆستا و قوتابیان و کارمەندانی ئەو قوتابخانەیە و مسۆگەر کردنی جێبەجێکردن و پابەندبوونە پێیانەوە ( جمیل واخرون ، ١٩٩٦، ١٣٤ ).

و لە لایەکی ترەوە جەرجس پێناسەی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەکات وەك بەرپرس لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەی فەرمی یان تایبەت، کە وریای چۆنیەتی ڕەورەوەی کارکردنیەتی، و کار دەکات بۆ چاودێریکردنی چالاکیەکانی و کارەکانی وانەگوتنەوە و بەرزکردنی ئاستی فێربوون و چاودێریی فەرمانبەران و ئاراستەکردنیان بۆ باشتربوونەوەی کاریان و پێشخستنی بۆ بەرژەوەندی قوتابیان و کۆمەڵگا بەشێوەیەکی تایبەت و پەروەردە بە شێوەیەکی گشتی ( جرجس، ٢٠٠٥، ٤٦٧ ). و رەبیع بەو شێوەیە پێناسەی بەڕێوەبەری قوتابخانە دەکات کە کەسێکە لە سەرووی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەیە و هەڵدەستێ بە پرۆسەی ئاراستەکردنی چالاکیەکانی قوتابخانە و سەرپەرشتیکردنی و چاودێری و بەدواداچوونیان، و بە پێی هەندێ مەرجی تایبەت لە نێو مامۆستایانی قوتابخانە یان لە دەرەوەی ئەو قوتابخانەیە هەڵدەبژێردرێت ( ربیع، ٢٠٠٨، ٤٧ ).

**بەشی دووەهەم :**

**ئەدەبیات و ویژەی توێژینەوە و توێژینەوەکانی پێشتر:**

لەو بەشە ئاماژەیەك دەدرێت بە هەندێ لایەنی گرێدراو بە بوارەکانی توێژینەوەکە لە نێو ئەدەبیات و ویژەی سەرچاوەکانی پەیوەندار بە بابەتی توێژینەوە، بە شێوەی خوارەوە:

**أ - ئەدەبیاتی توێژینەوە :**

**أ-1 – چەمکی خۆهەڵسەنگاندن:**

**پێشەکی:**

ناوەرۆکی چەمکی خۆهەڵسەنگاندن لە لای بسپۆران بە شێوازی جیاواز لێکدراوە وەك بڕوا بە خۆ بوون، ڕێز لە خۆگرتن،هەست بە خۆکردن، نموونەی خۆدی خۆی، هەستکردن بە بەهای تایبەتی خۆی، ئاستی چاوەڕوانی لە خۆی ، ...هتد، کە هەموویان بەیەکەوە پێکهاتەکانی پەیوەندار بە خۆدن و لەهەمان کاتدا بەستراون بە پرۆسێسی هەڵسەنگاندی خود، و پرۆسەی هزروبیرەکانی تایبەتی تاکێك لە چوارچێوەی سیستەمە بەهاییەکەیدا (Никиреев, 2007, 22 ؛ Большой ؛ Никиреев, 2007 , 9 психологически словарь, 2007, 485 ). هەندێ بسپۆری سایکۆلۆژی وەك پوورئەفکاری ئەو چەمکە هاوشانی خۆ نرخاندن ( self-rating ) بەکار دەبەن و بە هەموو جۆرەکانی هەڵسەنگاندنی تاك بۆ خۆدی خۆی پێناسەی دەکات ( پورأفکاری، ١٣٨١، ١٣٦٤ )، یان وەك کۆلمان و هەندێ بسپۆری تر هاوتەرازی ڕێز لە خۆگرتن ( self-esteem ) دەزانن کە بۆ ئاستی پەسندکردنی خۆی و لەسەر بنەمای ئاستی سەرکەوتنی تاك دەگەڕێتن ( بگرس، ٢٠٠٨، ٤٨٥ ؛ Colman, 2009, 681 ). ئابراهام تێسێر ( Abraham Tesser, 1988 ) لە تیۆرییەکەی خۆیدا جەخت دەکاتە سەر هەبوونی پەیوەندی نێوان ڕێزلەخۆگرتن و پەیوەندیەکۆمەڵایەتییەکانی تاك، و بە پێی ئەو تیۆرییە کە بە مۆدێلی پاراستنی پەیوەندی خۆهەڵسەنگاندن ناسراوە ڕێزلەخۆگرتن بە پێی دوو جۆری پرۆسەی سایکۆلۆژی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی و بەراوردکاری کۆمەڵایەتی ڕوودەداتن. لە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی کە ڕێزلەخۆگرتن بەخۆیەوە دەگرێ لە ڕێگەی ناساندنی خۆ بە پێی دۆخی ئەو کەسانە کە لە ئێمەوە نزیکن ئەنجام دەگرێتن. بەڵام لە بەراوردکاری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی بەراوردکردنی بەرهەمەکانمان لەگەڵ ئەو کەسانە ئەنجام دەگیرێتن ( Franzoi, 2006, 86 ). و پیاژێ لە تیۆری خۆیدا سود لە چەمکی هەستەکانی خۆ هەڵسەنگاندن( self-evaluation emotions ) وەردەگرێ کە مەبەست لێی هەستەکانی وەك شانازیکردنە بە خۆی، و شەرمنی و گوناهباری کە پەیوەنداره بە خۆئاگاداربوونەوە و زانینی پێوەرە پەسندکراوەکانی کۆمەلایەتیە لە بارەی ڕەفتارەکانی خۆی ( Papalia , Olds, Feldman, 2004, 193 ). توێژینەوەکانی زانستی ئاماژە بەو ڕاستیە دەدەن کە باشترین جۆری هەڵسەنگاندن بۆ بەڕێوەبەرەکان ئەوەیە کە خۆیان هەڵبستن بە هەڵسەنگاندنی خۆیان و ئەوەش بۆ کەمکردنەوەی کەم و کوڕییەکانی هەڵسەنگاندنیان لە لایەن لایەنەکانی ترەوە ( الموسوی و عبدالرزاق و العجیلی، ٢٠٠٢، ٢٨٣ ).

أ -2 – ئەرکەکانی بەڕێوەبەر: لە سایەی ئەو گەشەیەی لە لایەنە جیاجیاکانی ژیانێ کۆمەڵگا بە گشتی و لایەنی پەروەردەیی ڕوویانداوە، ئەرکەکانی بەڕێوەبەرەکانی قوتابخانەکان بە چاوێکی تر و سەردەمیانەتر تەماشە دەکرێت. جاران ئەرکی بەڕێوەبەر

تەنها لایەنی کارگێڕی و گرنگیدان بوو بە هاتن و نەهاتن و تۆمار بوو، بەڵام ئەمڕۆکە بەڕێوبەر ئەرکەکانی زۆر زیاتر بووە و گرنگی بە لایەنەکانی پەروەردەیی و زانستی و مرۆیی دەداتن و لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەنی کارگێڕیش خافڵ نابێ ( ربیع، ٢٠٠٨، ٥١ ). سەرچاوە و توێژینەوە زانستیەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە کاری بەڕێوەبەر تەنها ڕاگرتنی ڕێککاری و ڕێرەوەی خوێندن و ئامادەبوونی قوتابیان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان و کارکردن بۆ گەشەی مێنتالی و ئەقلی و جەستەیی و ڕۆحی و کۆمەڵایەتی نیە بەڵکۆ بۆوەتە تەوەری کاری کارگێڕی بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا ( حسین، ١٩٨٤ ، ٤١٠ ). بە شێوەیەکی فەرمی ئەرك و کارەکانی بەڕێوەبەر خۆی لە سێ خاڵی خوارەوەدا دەبینێ:

١) لایەنی کارگێڕی: وەك پلاندانان، وەرگرتنی قوتابیان و دابەشکرنیان، و دانانی خشتەی وانەگۆتنەوە، و سەرپەرەشتیکردن لەسەر تۆمارەکانی قوتابخانە و ... هتد.

٢) لایەنی هۆنەری –تەکنیکی پەروەردەیی: سەرپەرشتیکردنی مامۆستایان و وانەگۆتنەوەیان و پرۆسەی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەکان و دیارکردنی ئەگەرەکانی لاوازی ئاستی خوێندن، گرنگیدان بە کەرەستە و تەکنەلۆژیای فێرکردن و ... هتد.

٣) لایەنی مرۆیی و کۆمەڵایەتی: ڕاگرتنی یەکسانی و دادپەروەری و ڕێزگرتن لە کارمەندان و قوتابیان و گرنگیدان بە پێشنیار و خواست و کێشەکانیان و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان و ... هتد (حسين، ٢٠٠٦، ٣٠ ؛ صليوه، ٢٠٠٥، ١٧٢؛ الحريري، ٢٠٠٧، ٢٤٩ ).

**ب – تیۆرییەکانی بەڕێوەبردن: بەڕێوەبردن قوتابخانەیی پشتی ب ژمارەیەك تیۆری بەڕێوەبردن دەبەستێ، وەك ئەوانەی خوارەوە:**

١. تیۆری بەڕێوەبردنی ترس: ئەو تیۆرییە ئاماژە بەوە دەدات کە ترس وروژێنەرێکی سەرەکیی کاریگەرە لەسەر خۆدی مرۆڤ و کەمتر نیە لە مردن. بە پێی ئەم تیۆرە مرۆڤ بە شێوەیەکی بایۆلۆژیکی هەوڵی خۆپاراستن دەدات لە بەرامبەر ترس. ئەو ترسە لەوانەیە لەسەر ئاستی کەلتووری و فەرهەنگی بێ، کە لە ڕێگەی پەرەپێدانی واتا و ئامانجەکان بەرگەی دەگیرێتن یان لەسەر ئاستی تاکی بێ کە لە ڕێگەی خۆهەڵسەنگاندن ئەو کارە ئەنجام دەدرێت. واتا تاکەکان بەردەوامی بە ژیانیان دەدەن لەسەر بنەمای هزر و بیرکردنەویان لەسەر بە واتا بەخشین بەو ژیانە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هاوکاریان دەدات تا بەرگەی نیگەرانی و ترس بگرن. و لەسەر ئاستی تاکیش مرۆڤەکان هەوڵدەدەن ئەم کارە بەڕێگەی دروستکرنی هەستی پۆزەتیڤانە لە بارەی خۆیان ئەنجام بدەن. لە ڕێگەی خۆهەڵسەنگاندن مرۆڤ دەتوانێ جۆرە بەڕێوەبردنێك ئەنجامبدات کە بە جەختکردن لەسەر بەها ناوخۆییەکان و گرنگی خود بەرگەی ترسە کۆشندەکان بگرێ ( Fiske and Taylor, 2008, 127 ).

٢. بەڕێوەبردن وەك پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی: ئەو تیۆریە قوتابخانە وەك دامەزراوەیەکی کۆمەلایەتی دادەنێ و رۆڵی بەڕێوەبەر و مامۆستا لە پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو توێژە بە تەوەری سەرەکی هەژمار دەکات کە دەبێ شرۆڤەیەکی هەمەلایەنەی زانستی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی دەزانرێتن وەك بابەتێکی سروشتی بۆ گۆڕنی کۆمەڵایەتی ( محمد، ٢٠٠٨، ١٤٩؛ المؤمنی، ٢٠٠٨، ٩٤ ).

٣. تیۆری پەیوەندییە مرۆییەکان: بسپۆرانی وەك ئالتوون مایو و ماری پارکێر فۆلێن کاریان تیایدا کردووە و وەك کاردانەوەیەك لە دژی تیۆر و قوتابخانەی کلاسیکی بەڕێوەبردن، کە بایەخی زیاتری داوەتە لایەنی مادی و کۆنکرێتی، هاتووتە ئاراوە، کە لە بواری بەڕێوەبردندا لەگەڵ ئەوەی کە ئەلەمێنت و پێکهاتەی مرۆڤی ب ە یەکێك لە پێکهاتە هەرە سەرەکیەکانی بەڕێوەبردن دەزانێ، ئەوەندەش گرنگی بە پەیوەندیە مرۆڤیەکان دەدات و سەرکەوتنی بەڕێوەبەر لە ڕەزامەندی کارمەندان و بەختەوەریان و گوێگرتن لە کاروباریان دەزانێ و دەستەلات بە شتێکی بۆماوەیی نازانێ، بەڵکۆ بە بەرهەمێکی وەرگرتە لە قەلەم دەدات کە بەشێکی بۆ ناسینی پێداویستیەکانی کەسانی ژێردەست و دابینکردنیان و گونجاندنیان دەگەڕێتن، و بەرزکردنی مۆرالیان بە پێویست دەزانێ (Bass, 1990: p. 3-8 ؛ عقيلی، ب.ت. ، ٣٣ ، المؤمنی، ٢٠٠٨، ٩٦ ؛ العجمی، ٢٠٠٨، ٥٧ ).

٤. تیۆری بڕیاردان ( decision making theory ): تیایدا بەڕێوەبردن جۆرە ڕەفتارێکە کە هەموو ڕێکخراو مرۆییەکان هەیانە و پرۆسەکانی وەك ئاراستە و ڕێنمایکردن و زاڵبوونە بەسەر چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان و ئەرکی بەڕێوەبردن گەشەکردن و ڕێکخستنی بڕیاردانە بە شێوازێکی گونجا و لە ئاستێکەی بەرزدا، کە بە بەردی بناغەی هەر دامەزراوەیەکی پەروەردیی دەژمێردرێتن (Nutt, Wilson, 2010, 71-83 ؛ محمد، ٢٠٠٨، ١٤٨ ؛ المؤمنی، ٢٠٠٨، ٩٦ ؛ Bell, Raiffa, Tversky,1999, 10-25).

٥. تیۆری ڕێکخستن ( theory organization ): لەو تیۆرییە دا ڕێکخستنەکان وە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تەماشە دەکرێن. ئەو تیۆرە بزاڤێکە بۆ هاوکاریکردنی چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕێکخراوەکان و چۆنیەتی داڕشتنی پلان و

بڕیارەکانیان و بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی هەوڵیان بۆ دەدرێت، لە ڕێگەی هەندێ هەڵسوکەوت و لە چوارچێوەیەکی تەواوکەر و هەماهەنگدا( Hatch and Cunliffe, 2013,1-19 ؛ المؤمني، ٢٠٠٨، ٩٧ ؛ Gibson, Ivancevich, Donnelly, Konoske, 2006, 1-29 ).

٦. تیۆری بەڕێوەبردن وەك ئەرك و پێکهاتە: کە کەسانی وەك سیزر و پێش ئەویش هێنری فایۆل ئاماژەی پێداوە و ئەرکەکانی سەرەکیی بەڕێوەبردن لە پلاندان، ڕێکخستن، ئاراستەکردن، و چاودێریکرندا دەبینێ، کە بەیەکەوە کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراو (المؤمني، ٢٠٠٨، ٩٧ ؛ العجمي، ٢٠٠٨، ٢٠٠ ).

٧. تیۆری ڕۆڵ ( role theory ): گرنگی بە شرۆڤەکاری و تێگەیشتنی ڕەفتارە ئالۆزەکانی نێو سەنتەرەکانی پەروەردەیە دەدات، و ئاماژە بەوە دەکات کە بەڕێوەبەر دەبێ گرنگی بە توانایی، پێداویستیەکانی مامۆستایان بدات و کار بکات بۆ پشتەوانیکردنیان بۆ پەیوەندی لە نێوانیان و گەشەسەندنی زانیارییەکانیان تا هەر یەك لەوان ڕۆڵێکی ئەرێنی و چالاکانە ببینن و هاوکار بن لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی قوتابخانە(Briddle, 1979, 55-84؛ المؤمني، ٢٠٠٨ ، ٩٩ ؛ العجمي، ٢٠٠٨، ٦٠ ).

٨. تیۆری سیستەم ( system theory ): بۆ هەوڵەکانی ( بێرتا لانفي ) و ( بولدنگ ) و ( سکوت ) دەگەڕێتەوە کە ئاماژە بەوە دەکات سیستەم شێوازێکە بۆ چارەسەرکردنی زۆر کێشەی کارگێری و بەڕێوەبردنی و لەوانەشە لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا. تیایدا هەر سیستەم و دامەزراوەیەك لە هەندێ پێکهاتە و ئەلەمێنت پێکدێتن کە لە شێوەی پێدراو ( المدخلات ) و دەرهاوێشتە ( المخرجات ) کار دەکەن کە لە ئاکامدا کار دەکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە، لە ڕێگەی پشت بە یەکترەوە بەستنی ئەو ئەلەمێنتە ئالۆزە (-Skyttner, 2005,49 108 ؛ عقیلي، ب. ت. ١٤٠ ؛ المؤمني، ٢٠٠٨، ٩٩ ؛ العجمي، ٢٠٠٨، ٦١ ).

٩. تیۆری تایبەتمەندی ( trait ): لە بزاڤ و بەرهەمەکانی ڕایۆند کاتێلە کە بە پێکهاتەی سەرەکی لە دروستبوونی کەسایەتی دەژمێردرێن ( شریف، ١٩٨٥، ١٩٧)، و بە پێی ئەم تیۆرە بەڕێوەبەرەکان ناتوانن ببن بە بەڕێبەر بەڵکو دەبێ هەندێ تایبەتمەندی جەستەیی و ئەقلی و کەسایەتیان تیایدا هەبێ (عگوی، ٢٠٠٩ ، ٧٩).

١٠. تیۆری پیاوی گەورە: ئەو بیردۆزە وای بۆ دەچێ کە پێشەوا و بەڕێوەبەرەکان ئەو کەسانەن کە خاوەن هەندێ تایبەتمەندی ناوازە و دەگمەنن کە دەتوانن بە هۆیانەوە لە کاتی پێویست و نائاساییدا گۆڕانکاری لە ژیانی ژێردەستەکانیان و کۆمەڵگا دا دروست بکەن، چونکە ئەو کارە هەم هۆنەرە و هەم زانستە (عگوی، ٢٠٠٩، ٨٠).

١١. تیۆری تەوەری بنەمایی: تیایدا بەڕێوەبەر کار دەکات لەسەر بنەماکانی دیمۆکراسی و دادپەروەری و دۆستایەتی و بەتوانا و چالاك و هەستکرن بە واتا و ئامانجە هەنۆکەییەکان و و دانان بە هەبوونی وزەی داهێنان لای تاکەکان، کۆکردن لە نێوان ئامانجەکانی قوتابخانە و کۆمەڵگا ( العجمي، ٢٠٠٨، ٢٠٣ ).

١٢. تیۆری هەڵوێست: بەپێی ئەم تیۆرە بەڕێوەبەر و پێشەوا ناتوانێ بگاتە ئەو ئاستە مەگەر ژینگەیەکی گونجاوی بۆ بڕەخسێ تا بەهۆیەوە بتوانێ تواناییەکانی بخاتەگەڕ و ئەو ئامانجانە بپێکێ کە مەبەستیەتی(عگوی، ٢٠٠٩، ٨٠ ).

١٣. تیۆری دەستەهەڵاتی فەرمی ( theory of formal authority ): ئاماژە بەو ڕاستیە دەکات کە ئەرك سەرچاوەی سەرەکی دەستەهەلاتێکی فەرمیە و بەڕێوەبەری قوتابخانە هەندێ دەستەهەڵاتی هەیە کە کاری بەڕێوەبەردنی قوتابخانە لەستۆ دەگرێ و ئەو دەستهەڵاتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتن کە ئەو ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە بەدەستەوەیە(Foss, 2000, 23-210 ؛ الحريري، ٢٠٠٧، ٧١ ).

١٤. تیۆری ئەرکە ئامادەکانی سەرکردایەتی: خاوەنەکانی بریتین لە هێرسێی ( P. Hersey ) و بلانچارد ( K. Blanchard ) کە بڕوایان وایە کە جۆری بەڕێوەبەرایەتی بەپێی ئاستی ئامادەیی ئەرکی کارمەندان و گرنگیدانی بەڕێوەبەر بە کار و کارمەندان دەگۆڕدرێ ( الصليبي، ٢٠٠٨، ١٠١؛ Rue and Byars, 2005, 298 )، و دەکرێ هەڵسەنگاندنی خۆدی وەك ستراتێژییەك لە لایەن بەڕێوەبەرەکان بەکار بهێنرێن بۆ پێشخستنی کاری خۆیان و ئەگەر بتوانێ مامۆستایانیش ڕازی بکات بەم کارە ئەوە دەبێتە دەرفەتێك بۆ بەهێزکردنی ڕەفتارە پۆزتیڤەکان و گۆڕینی ڕەفتارە خراپەکان و ئەوە هاوکاری بەڕێوەبەر دەکات لە بواری ڕێنماییکردنی تەکنیکی و کارگێڕی سەرکەوتوتر بێ( حسان و العجمي، ٢٠٠٧، ٣٤٢).

**ج - لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر:**

ئەوەندەی توێژەران ئاگادار بن هیچ توێژینەوەیەك کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم لێکۆڵینەوەوە هەبێ نەبووە، و ئەمە خۆی لە خۆیدا خاڵێکی بەهێزی ئەم لێکۆڵینەوەیە،

هەرچەندە سوود لە هەندێ توێژینەوەی هاوشێوە وەرگیراوە بۆ مەبەستی دانانی ڕاپرسی و چارەسەرێی ئاماری:

١- توێژینەوەی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئۆردنی (١٩٨٧) بەناوی هەڵسەنگاندنی کارامەیی و شارەزاریە کارگێڕییەکان و کاریگەری بە سەر پرۆسەی پەروەردەیی لەو وڵاتە لە ڕوانگەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و بە ڕێگەی ڕاپرسییەکی ( ٢٥ ) بڕگەیی بوارەکانی کارگێڕی و هونەری، پیادەکراوە و ئەنجامەکان پیشانیان داوە کە شارەزاییەکانی تەکنیکی و هونەری و ڕێکخستنی و مرۆڤی لای بەڕێوەبەرکانی قوتابخانەیی ئاستێکی لاوازیان هەبووە بەتایبەت لە بواری بەشداری پێکردنیان لە گەشەسەندنی پرۆگرامی خوێندن، و دانانی پرسیاری تاقیکردنەوەکان لە قوتابخانە دا ( نوری، ٢٠٠٦، ٣٦ ).

٢- توێژینەوەی سامەڕائی (١٩٨٨) بەناوی لێهاتوویی و شارەزاریە کارگێڕییەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی ناوەندی و ئامادەیی لە ڕوانگەی خۆدی بەڕێوەربەرەکانەوە، کە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ڕاپرسییەکی ئامادەکراو بەسەر ( ١٠٠ ) بەڕێوەبەر، واتە ( ٤٤%) ی کۆمەڵگای گشتی بەڕێوەبەرەکانی ئەم سنەتەرانەی شاری بەغداد پیادەکراوە و ئەنجامەکان پیشانیان داوە کە شارەزاییانیان ئاستێکی ناوەندییان هەبووە و بەڕێوەبەرکان خاوەنی ئەو لێهاتووییە نین کە جێگەی ڕەزامەندی بن و ئەوان بەدەست کۆمەڵێك کێشەی جۆراوجۆری کارگێڕییەوە دەناڵێنن ( نوری، ٢٠٠٦، ٣٩ ).

٣- توێژینەوەی صالح (١٩٩٠) بەناوی شارەزاریە کارگێڕییەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی ئامادەیی لە ڕوانگەی خۆدی بەڕێوەربەر و مامۆستایانەوە، کە لە شارەکانی بەغداد و موسل لەسەر ( ٥١ ) بەڕێوەبەر و ( ٢٥٥ ) مامۆستا پیادەکراوە و ئەنجامەکان پیشانیان داوە کە شارەزاییەکانی تەکنیکی و هونەری و ڕێکخستنی و مرۆڤی لای سەمپلی توێژینەوە ئاستێکی باشی هەبووە(الموسوی و ێخرون، ٢٠٠٢،١٣ ).

٤- توێژینەوەی (Sass. 1990) بۆ دەستنیشانکرنی سیستەمی (AASA) و گرنگی بوارەکانی نواندنی ئەکتیڤانەی کارگێڕی لە ڕوانگەی مامۆستایانی زانینگە و بەڕێوەبەرە بە ئەزموونەکانی وڵاتی ئەمریکا بەسەر ( ٧٠٢ ) کەس لەو توێژانە جێبەجێکراوە و ئەنجامەکا لەبۆاری گۆڕاوە جیاوازەکانی وەك تەمەن، پلە و پۆستی کارگێڕی، و ئەرك، ساڵانی خزمەت، پۆستی ئێستاکەییان، پیشان دەدەن بیروڕای مامۆستایانی زانینگە و بەڕێوەبەرە بە ئەزموونەکانی وەك یەکتری نین ( نوری، ٢٠٠٦، ٤٩ ).

**بەشی سێیەم : کردارەکانی پەیوەندار بە جێبەجێکاری لێکۆڵینەوە**

ئەم بەشە خاڵەکانی خوارەوە بەخۆیەوە دەگرێتن:

أ – کۆمەڵگای گشتی لێکۆڵینەوە و سەمپلەکەی:

١-کۆمەڵگای گشتی لێکۆڵینەوە: ژمارەی قوتابخانەکانی بنەڕەت لە ناوەندی قەزای زاخۆ ( ١٠٣ ) قوتابخانە و ژمارەی قوتابخانە ئامادەیی ( ٤٠ ) قوتابخانەیە کۆمەڵگای گشتی لێکۆڵینەوەکە پێکدێنن، واتە ئەو ژمارانە یەکسانە لەگەڵ ژمارەی ئەو بەڕێوەبەرانەی کە ئەو قوتابخانانە بەڕێوەدەبەن، بڕوانە خشتەی (١).

٢-سەمپلی لێکۆڵینەوە: سەمپلی لێکۆڵینەوە بە شێوەی چینایەتی هەرەمەکی بووە و تیایدا لە کۆی ( ١٠٣ ) قوتابخانەی بنەڕەت و (٤٠) قوتابخانەی ئامادەیی، ( ٢٠) بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامادەیی و ( ٥٩ ) بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی بنەڕەت و بە شێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردراون کە دەکاتە نزیکەی ( ٥٠% ) ی کۆمەڵگای گشتی، خشتەی (١).

خشتەی (١) وردەکارییەکانی تایبەت بە سەمپلی توێژینەوە

| گۆڕاوەکان | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نیر | | | |
| ژمارە | ٥٧ | ٨٠ | | ٨٠ |
| ڕێژەی سەدی | ٧١,٣ | ١٠٠% | | ١٠٠% |
| باری کۆمەڵایەتی | خێزاندار | | جیابوو ( تەلاقدراو ) | |
| ژمارە | ٥٥ | ٨٠ | ١٣ | 80 |
| ڕێژەی سەدی | ٦٨,٨ | ١٠٠% | ١٦,٣ | ١٠٠% |
| باری ئابووری | زۆر باش | | مامناوەندی | |
| ژمارە | ٥ | ٨٠ | ٦٤ | 80 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی سەدی | ٦,٣ | %١٠٠ | ٨٠,٠ | %١٠٠ |
| سالانی خزمەت | (١-١٠)ساڵ | | (٢١- ٣٧)ساڵ | |
| ژمارە | ٤٧ | ٨٠ | ١٢ | 80 |
| ڕێژەی سەدی | ٥٨,٨ | %١٠٠ | ١٥,٠ | %١٠٠ |
| جۆری قوتابخانە | ئامادەیی | | | |
| ژمارە | ٦٠ | ٨٠ | | 80 |
| ڕێژەی سەدی | %٨٠ | %١٠٠ | | %١٠٠ |
| جۆری بڕوانامە | بەکالۆریوس | | | |
| ژمارە | ٤٢ | ٨٠ | | 80 |
| ڕێژەی سەدی | ٥٢,٥ | %١٠٠ | | %١٠٠ |

ب – ئامادە کردنی ڕاپرسی و دوروستی و نەگۆڕییەکەی:لە بواری سایکۆمێتریدا، ڕاپرسی، وەك کۆمەڵێك پرسیار شێوازێکی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە مرۆڤایەتیەکان بە تایبەت پێدانی زانیاری لە بارەی ئاراستەکانیان و بەها و ئارەزوو و کەسایەتیان ( Colman,2009 ,630 ). بۆ مەبەستی دروستکردنی ئەم کەرەستەیە لێکۆڵەران بە پێی ئەزموونی زانستی خۆیان لە بۆارەکانی پەروەردەیی و دەروونناسی و کارگێری و بەڕێوەبردن، و بە هاوکاری و پشتبەستن بە چەند توێژینەوە و سەرچاوەیەکی تر ڕاپرسیەکیان ئامادەکرد کە پێکهاتبوو لە ( ٦٣ ) پرسیار کە ( ٧ ) بۆاری ( ڕابەرایەتی، پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، پلاندانان، چالاکییەکانی قوتابخانەیی، کەرەستە و تەکنەلۆژیای پەروەردەیی و فێرکردن، ڕێکخستن و کارگێری، و هەڵسەنگاندن ) بەخۆیەگرتبوو، و دوای ئەوە ئەم ڕاپرسیە لە سەر چەند بسپۆرێکی بوارەکانی پەروەردەیی ، سایکۆلۆژی، کارگێری لە زانستگەکانی زاخۆ و دهۆك و هەروەها چەند سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە پارێزگا جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان دابەشکران بۆ مەبەستی وەرگرتن بیروڕایان و ڕێژەی ڕەزامەندی ( %٨٠ ) بوو ( پاشکۆی ژمارە ١ )، و دوای لادانی و گۆڕانکاری ( ٥٧ ) پرسیار مایەوە وەك نموونەی دوایی، دواتر بۆ زانینی کەم و کۆرییەکانی بەسەر چەندبەڕێوەبەرێك دابەشکرا و دواتر گۆڕانکاریی پێویستی تیایدا کرا. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدرێتن کە هەرچەندە بسپۆرانی بواری ئەزموونەکانی سۆسیۆمێتریك لەو بڕوایەدان کە نەگۆڕی ئەزموون یان ڕاپرسیەك زۆر گرنگ نیە و بەدەستنەهێنانی هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لە توێژینەوەکەدا، دوروست ناکات، و ئەوان ئەوە بۆ ئەو چەندە دەگەڕێننەوە کە بە پێی گریمانەکان ئەزموون ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە بنیاتی کۆمەڵگا یان تواناییەکانی تاکەکان لە ماوەیەکی تایبەتدا ڕوودەدات، بۆیە ئەگەر ئەزموون هەمان ئەجامەکانی وەك جاران و وەك خۆی پیشان دا ئەوە گومان لەسەر ئەو ئەزموونە و ڕاپرسیە دوروست دەکات نەك بەڵگەیە بۆ نەگۆڕی ئەو ئەزموونە ( النجار، ٢٠١٣، ١٠٣ )، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مەبەستی دۆزینەوەی نەگۆڕی ڕاپرسیەکە، توێژەران ڕاپرسییەکەیان دووجار بەسەر ( ١٠ ) بەڕێوەبەر دابەشکرد و ڕێژەی نەگۆڕییەکە بە پێی هاوکێشەی پیرسۆن گەیشتە( ٦٥و ٠).

ج - جێبەجێکاری لێکۆڵینەوە: پاش وەدەستهاتنی تایبەتمەندیەکانی سایکۆمێتریك ڕاپرسیەکە بەسەر ( ٥٠ ) بەڕێوەبەری پەیوەندیدار بە توێژینەوە و لە قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەکانی قەزای زاخۆ دابەشکران، و بەهۆی سروشتی تایبەتی ڕاپرسیەکە وەك ڕێنمایی داوایان لێکرا کە بۆ وەڵامدانەوەیان پشت بە بیروڕای هیچ بەڕێوەبەرێکیتر نەبەستن تاکو ئەنجامەکانی زانستیانە بێ، و پاش کۆکردنی ڕاپرسییەکان و لادانی ئەوانەی کەموکۆڕییان تێدا بوو، ئەوانەی تر کە ژمارەیان ( ٨٠ ) ڕاپرسی بوون چارەسەری ئاماریان بۆ کرا بە دانی نمرەی ( ١ و ٢ و ٣ ) بۆ وەڵامی بڕگەکانی ئەرێنی و بەپێچەوانەوە ( ٣ و ٢ و ١ ) بۆ بڕگە نەرێنییەکان.

د – سوود لە فۆرموولەکانی ئاماری خوارەوە وەرگیراوە: هاوکێشەی پەیوەندیی پیرسۆن ( کاظم ، الکائی و الشکری، ٢٠١٣، ٢٧٣ ؛ Duann, 2001,207)، کێش و ڕێژەی سەدی و سیستەمی پرۆگرامی شرۆڤەکاری ( SPSS ).

**بەشی چوارەم : ئەنجام و گفتگۆکردنی لێکۆڵینەوە:**

لەم بەشەدا ئەنجام و گفتگۆیی ئەنجامەکان بە پێی ئامانج و گریمانەکان خراونەتە روو:

سەبارەت بە ئامانجی یەکەم و پاش سودوەرگرتن لە سیستەمی ( SPSS ) و هاوکێشەی ( T test ) بۆ تەنها نموونەیەك بە شێوەی خوارەوە:

خشتەی (٢) ( T test ) ی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە گشتی

| ژمارەی سەمپل | تێکڕای نمرەکان | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | بەهای t | | نمرەی ئازاد | سەلماندنی ئامارەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| ٨٠ | ٦٢,٧٩ | ٨,٩١٠ | ١١٢ | ٤٩,٤٠٣ | ١,٦٦٤ | ٧٩ | ٠,٠٥ |

وەك لە خشتەی سەرەوە دیارە بەهای ( T test ) دەستکەوتوو کە بریتیە لە (٤٩,٤٠٣ ) گەورەترە لە بەهای خشتەیی ( 1.664) ( T test)، و ئەوەش لە ئاستی ( ٠،٠٥ ) و بە نمرەی ئازادی ( ٧٩ ). و ئەوە واتە جۆرێك لە هەبوونی خۆهەڵسەنگاندنێکی ئەرێنی لای بەرێوەبەری قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەکان ل ناوەندی شاری زاخۆ بەدیدەکرێتن. بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی کە تێکڕای نمرەکان و ناوەندی ژمێریاری ( ٦٢,٧٩ ) زۆر بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی بە ڕێژەی ( ١١٢ ) دەبێ بگۆترێتن کە ئەو خۆهەڵسەنگاندنە لە ئاستێکی زۆر لاواز و کەمدایە، بەواتایەکی تر بەرێوەبەری قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەکان ل ناوەندی شاری زاخۆ لە پرۆسەی خۆهەڵسەنگاندنیان دا زۆر لە ئاستی توانادن ( ئەدای ) خۆیان و لە هەموو بوارەکاندا ئاستێکی بەرزی ڕەزامەندییان پیشان نەداوە. و توێژەران ئەو چەندە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە بەرێوەبەرەکانی نابراو لە میانەی ئەنجامدانی کارەکانیان و بەرێوەبردنی قوتابخانەکانیان کەمتر هەست بە تام و چێژ دەکەن، و ئەوەش بۆ ئەو بارودۆخە ناڵەبارە ئابووری و دارایی و قەیرانە سیاسییانە دەگەڕێتەوە کە زیاتر بەهۆی ئەو جەنگە سایکۆلۆژییەی حکومەتی ناوەندی لە دژی کوردستانیان و لەپێناو رووخاندنی ورەیان و پشکەزبوونەوەیان لە داواکاری بۆ جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانی وەك مافێکی ڕەوای خۆیان، ڕایانگەیاندووە. هەروەهاش جەنگی دەوڵەتی تیرۆریستانی داعش و ئەو ڕەنگدانەوەیەی کە ئەو کردەوە تیرۆریستی و قێزەوەنانە لەسەر باری دەروونی تاکی کۆمەڵگای کوردستانی بە گشتی و چینی فەرمانبەر و پەروەردەیی و بەرێوەبەرکان هەبووە نابێ لەیادبکرێتن، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر زۆرێك لە ڕەفتار و بڕیارەکانی خەڵکی کوردستان و لەوانەشە ئەو کەسانەی کە وەك سەمپڵ بەشداری پڕکردنەوەی ئەم ڕاپرسییە بوونەتەوە. بەرێوەبەری قوتابخانە وەك پێکهاتە و تاکێکی ئەم کوردستانەش بەدەر نیە لە کەوتنە ژێر کاریگەری هەموو ئەو قەیرانانە.

٢ – سەبارەت ب ئامانجی دووەم کە پەیوەستە بە گریمانەکانی لێکۆڵینەوە کە ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان ئاستی خۆهەڵسەنگاندنی بەرێوەبەری قوتابخانە ئامادەیی و بنەڕەتییەکان ل ناوەندی شاری زاخۆ بە پێی بگۆڕەکانی: أ.ڕەگەز. ب.بڕوانامەی ئەکادیمی خوێندن، ج.جۆری قوتابخانە، د. باری کۆمەڵایەتی، ن. باری ئابووری، و-سالانی خزمەت، و پاش سودوەرگرتن لە پرۆگرامی ( SPSS ) خشتەی خوارەوە دەرکەوت:

**أ – بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز و بەرێکەی بەکارهێنانی (T test) بۆ دوو سەمپڵی سەربخۆ:**

خشتەی ( ٣ ) ( T test ) ی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ دوو نموونەی توێژینەوە بە پێی ڕەگەز

| ژمارەی سەمپل | تێکڕای نمرەکان | لادانی پێوەری | بەهای t | | نمرەی ئازاد | سەلماندنی ئامارەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | | |
| نێر | ٦٢,٨٨ | 9.464 | ٠,١٤١ | ١,٦٦٤ | ٧٨ | ٠,٠٥ |
| مێ | ٦٢,٥٧ | 7.549 | | | | |

خشتەی سەرەوە پیشان ددەاتن کە چونکە بەهای ( t test )ی وەدەستهاتوو ( ٠،١٤١ ) لە هەمان بەهای لە جۆری خشتەیی بە رێژەی ( ١،٦٦٤ ) کەمترە، بۆیە گریمانەی صفری پەسند دەکرێ، واتە هیچ جیاوازییەك لە نێوان بەرێوەبەرەکانی پیاو و بەرێوەبەرەکانی ئافرەت نیە و هەموویان وەك یەکن لە هەڵسەنگاندنی خۆیان وەك بەرێوەبەر و هەموویان وەك تەماشەی ئەرك و پیشەیان و هەڵسەنگاندنەوەی دەکەن، و ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر چۆنیەتی وەڵامدانەوەیان بۆ پرسیارەکانی راپرسیەکە و تیایدا ئاستێکی لاوازییان پیشان داوە. و توێژەران ئەو چەندە بۆ ئەوە دەگەرێننەوە کە بەرێوەبەرەکانی نابراو بە بێی جیاوازی رەگەزی وەك یەك و بەیەك چاو تەماشەی ئاستەنگ و گرفتەکانی کارەکەیان دەکەن و لای هەر دوو رەگەز قورسایی کارەکە وەك یەکە و هیچ جیاوازیی نیە.

**ب - بە پێی گۆڕاوی بڕوانامەی ئەکادیمی و بەرێگەی بەکارهێنانی (T test) بۆ دوو سەمپلی سەربخۆ:**

خشتەی ( ٤ ) ( T test ) ی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە پێی بڕوانامەی ئەکادیمی

| باوەرنامە | سەمپل | تێکرایی ناوەندی | لادانی پیوەری | T test | | ئاستی بە رامان بوون و نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | (٠,٠٥)/(٧٨) |
| بکالوریوس | 42 | 62.71 | 9.648 | ٠,٠٧٧ | ١,٦٦٤ | |
| دبلۆم | 38 | 62.87 | 8.145 | | | |

وەك لە خشتەی سەرەوە دیار دەبێ ( t test ) ی وەدەستهاتوو (٠,٠٧٧ ) بچووکترە لە بەهای خشتەیی (١,٦٦٤)، و ئەوە واتە بگۆری جۆری بڕوانامەی ئەکادیمی هیچ کاریگەری بەسەر شێوازی کار و چالاکی و بیرکردنەو و دواتریش ئاستی خۆهەڵسەنگاندن لای بەرێوەبەری قوتابخانە ئامادەیی و بنەرەتییەکان ل ناوەندی شاری زاخۆ نەبووە، و ئەوە ئاساییە چونکە بگۆری جۆری بڕوانامەی ئەکادیمی ئەوان جگە لە هەندێ کاریگەری بەسەر رێژەی مووچە کاریگەرییەکی تری جیاواز لە بەرێوەچوونی ئەو کارە ناکاتن و هەموو بەرێوەبەرەکان وەك یەك دەروانن ئەو کارە.

**ج - بە پێی گۆڕاوی جۆری قوتابخانە و بەرێگەی بەکارهێنانی (T test) بۆ دوو سەمپلی سەربخۆ:**

خشتەی ( ٥ ) ( T test ) ی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە پێی جۆری قوتابخانە

| جۆری قوتابخانە | سەمپل | تێکرایی ناوەندی | لادانی پیوەری | T test | | ئاستی بە رامان بوون و نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | (٠,٠٥)/(٧٨) |
| ئامادەیی | 20 | 62.20 | 11.261 | 0.328 | ١,٦٦٤ | |
| بنەرەت | 59 | 62.97 | 8.149 | | | |

وەك لە خشتەی سەرەوە دیار دەبێ ( t test )د دەستهاتوو (٠,٣٢٨) بچووکترە لە بەهای خشتەیی (١,٦٦٤)، واتە لێرەدا جۆر و ئاستی خوێندن و قوتابخانە هیچ کاریگەری لەسەر ئاستی خۆهەڵسەنگاندن لای بەرێوەبەری قوتابخانە ئامادەیی و بنەرەتییەکان ل ناوەندی شاری زاخۆ نەبووە، و لە دیدی توێژەران ئەوە بۆ ئەو راستیە دەگەرێتەوە کە کارکردن لە قوتابخانەکان لە هەر دوو قۆناغ و ئاستی بنەرەت و ئامادییەکاندا لەژێر کاریگەری یەك شێوازی بەرێوەبردن ئەنجام دەگیرێن و جۆری کارکردن تیایدا ئەگەر بەتەواوەتی وەك یەکتریش نەبن زۆر نزیك و هاوشێوەن، گیروگرفت ئابووری و کارگێری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو لایەنانەی کە پەیوەندارن بە قوتابخانەکان هاوبەشن.

**د_ بە پێی گۆڕاوی باری کۆمەڵایەتی:**

خشتەی (٦) ( ANOVA ) ی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە پێی باری کۆمەڵایەتی

| دۆخەکان | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی | بەهای فایی (F ) | ئاستی بە رامان/ نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|

| | | | چوارگۆشه | وەدەستهاتوو | خشتەیی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە نێوان گرووپەکان | 186.020 | 2 | 93.010 | ١،١٧٧ | ٣،١١٥ | (77.2)/(٠،٠٥) |
| لە ناو گرووپەکان | 6085.367 | 77 | 79.031 | | | |
| گشتی | 6271.388 | 79 | | | | |

وەك لە خشتەی سەرەوە دیار دەبێ بەهای ( F ) دەستهاتوو (١،١٧٧) بچووکترە لە بەهای فایی (F) خشتەیی (٣،١١٥)، واتە لێرەدا باری کۆمەڵایەتی بەرێوەبەرەکان لە قوتابخانەکانی بنەڕەت و ئامادەیی هیچ کاریگەری لەسەر ئاستی خۆهەڵسەنگاندنیان نەبووە و هەموویان وەك یەك روو بە رووی کێشە و گرفتە کارگێڕی و دۆخە ناڵەبارەکەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی بوونەتەوە، و ئەوەش بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ ڕەنگدانەوەی بەسەر وەڵامدانەوەیان بۆ ڕاپرسیی توێژینەوەکە هەبووە.

**ن - بە پێی گۆڕاوی باری ئابووری:**

خشتەی (٧) ( ANOVA ) ی وەدەستهاتوو و خشتەیی بۆ نموونەی توێژینەوە بە پێی باری ئابووری

| دۆخەکان | کۆی چوارگۆشەکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی چوارگۆشە | بەهای فایی (F) | | ئاستی بە ڕامان/ نمرەی ئازاد |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | وەدەستهاتوو | خشتەیی | |
